


**ماڵپەڕی پروشه**
www.prushe.com
Derwazayake_tr@prushe.com
derwazayake_tr@yahoo.com

## نامەی پشتیوانی ماڵپەڕی پرووشه و ستافەكەی...

**ماڵپەری پرووشه بەم نامەیە پشتیوانی خۆی ڕادەگەیەنێت بۆ كەمپینی ( ئینتەر ناشناڵ بۆ ڕێگەنەدان بە جیگیر بوونی بەندی حەوتەم لە دەستووری هەرێمی كوردستاندا...لە كاتێكدا بڕوامان بە ئازادی ڕادەربڕینی ئەوی بەرامبەر هەیە و بە هیچ جۆرێك مانای دژایەتی دین نییە , بەڵكو ڕێكخستنی پەیوەندی نێوان دین و دەوڵەتە , بۆ ئەم مەبەستە ئێمە داواكارین گوێ لەو كەمپینە بگیرێ و بیر و بۆچوونە جیاوازەكان نەخرێنە لاوە و واز لە توند و تیژی و یەكتری ڕەت كردنەوە و یەكتری تاوانبار كردن لە كوردستان بهێنین و دەستورێكمان هەبێت هی هەموو ڕەنگە جیاوازەكان بێت و لە جیاتی گیانی تۆڵە و قینە بەرایەتی و یەكتری سوك كردن گیانی دیالۆگ و لێك بوردن و نیشتیمانی و خۆشەویستی ببێتە دەستور و پێكەوە ژیانمان .**
**بۆ ئەوەی هەموومان لە دوا ڕۆژێكی ڕووناكدا و لە ژێر سایەی دیموكراسیەت و جێبە جێ كردنی گشت ماف و داواكاری و ژیانمان , بۆ ئەوەی چیتر مرۆڤەكان لە ژێر سایەی هەندێك مەرامی كۆنە پەرستی و خێڵەكیدا نەچەوسێنەوە و دوا ڕۆژی گەنج و گشت تاكەكانی كۆمەڵگا بەدی بێت , ئێمە وەك ستافی ماڵپەڕی پرووشە پشتیوانی خۆمان ڕادەگەیەنین دژی جێگیر بوونی بەندی پێشنیار كراو , وە ئەمە بەندێكە دژی هەموو دیموكراسیەت و ئازادیەك كە بمانەوێت , هەر لە ڕێگەی ئەم نامەیەشەوە داوا لە گشت خەڵكان دەكەین كە دەنگ و پشتیوانیەكانیان بخەنە پاڵ هەموو ئەو دەنگانەی كە دەیانەوێ ئەو بەندە جێگیر نەكرێت . وە ئێمەش خۆمان بەبەشێك دەزانین لەو كەمپینە و دژی هەموو ئەو پێشێلكاریانەین كە دژی دیموكراسیەتن.**

**لەگەڵ ڕێزماندا....**

**ستافی ماڵپەڕی پرووشه**
2007-2-3